# ڕێککەوتن لەسەر بەخشینی مۆڵەتی مانەوەی پەنابەران لە ئەڵمانیا

هەورامان علی تۆفیق

لە ڕۆژانی **16-17**ی نۆڤێمبەر و بە ئامادەبوونی هەموو وەزیرەکانی ناوخۆیی هەرێمەکانی ئەڵمانیا و دوای گفتوگۆیەکی درێژخاوەن لە نێو چەند بیروڕایەیکی جیاواز و دژ بەم بڕیارانە , گەیشتنە ئەوەی کە دوابڕیار ئەوەیان پەسەند کرد کە ئەوانەی لەم وولاتەدا داوای مافی پەنابەریان کردووەو داواکانیان بەهەشێوەیەک بێت ڕەد کراونەتەوە و تەنها مۆلەتی کاتییان پێ دراوە بۆ مانەوە لە ئەڵمانیا و دواتر ئەوانە ئەو مافانەی کە پەنابەرێکی ئاسایی هەیەتی ئەو بێ بەشە لێیان و زۆر گرفت و کێشە لەم ڕووە وە دروست بوون دواتر ئەڵمانیا لە ڕووی بێ کاری و زیادبوونی بەتاڵە گرفتی زۆری هەیە و ژمارەی ئەوانەی کە لە کارو مافی پەنابەری بێ بەشن نزیکەی **200** هەزار کەسن و زۆر لەوانەش هەن زیاتر لە **10**و **15** ساڵ هەن لەم وولاتەدا دەژین منداڵەکانیان گەورەن و هەموو لە قوتابخانەکانی ئەم وولاتەدا دەخوێنن بەڵام هیچ مافێکی پەنابەریان نیە .. بۆ حکومەتی ئەڵمانیا دوای تاوتوێکردنی سەرجەم لایەنەکانی ئەم شێوە بڕیارە . گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ئەوانەی کە خاوەن خێزانن ومنداڵەکانیان لە خوار تەمەنی یاساییەوەن و زیاتر لە شەش ساڵە لەم وولاتەدا دەژین و کاردەکەن و هیچ هاوکاریەکی لە لایەن دەزگا دەستەبەریە کۆمەڵایەتیەکانەوە وەرناگرن و ئەوانەشی کە بەتەنهان و بۆ خۆیان دەژین و ماوەی شەش ساڵ دەبێ لەم وولاتەدا بێت و ئەویش دەبێ کاری هەبێت واتە کاربکات . ئەوکات ئەمانە بەپێی ئەو بڕیارە کە لە ڕۆژی دووشەمەوە کە دەکاتە ڕۆژی **20.11.2006** وە پەیرەوی دەکرێت .

بۆ ئەوانەشی کە کاریان نیە ئەوە مۆلەتی تا **30** ی سێپتەمبەری ساڵی **2007** یان پێ دراوە بۆ ئەوەی خار بدۆزنەوە تا ئەو بڕیارانە بیاگرێتەوە ئەگەر تا ئەو کاتە کاریان نەکرد ئەوە لەهەر ئان ساتێک دا بێت ئەوە ڕەوانەی وولاتەکانی خۆیان دەکرێنەوە و تا کاتی کارکردنیا ئەوە هەر بەوشێوەیەی پێشوو دەمێننەوە واتە مۆلەتی کاتی وەردەگرن .. بەڵام ئەمانە ژیانیان زیاتر دەکەوێتە مەترسیەوە لە جاران کە تێیدا بوون چونکە ئێستە وابەستەبوون بە مۆلەتێکەوە و دوای ئەوە لە هەر ئان ساتێکدابێت ڕەوانەی وولاتەکانی خۆیان دەکرێنەوە .

پێش بینی دەکرێت بەهۆی ئەم بڕیارەوە لە نێوان **30** تا **50** هەزار کەس لە کێشەی مۆلەتی مانەوە ڕزگاریان ببێت . ئەوانەش زۆر عێراقی و ئەفغانی و تورک و عەرب و هەندێ نەتەوەی دیش دەگرێتەوە .

هەروەها بەرپرسی کۆنگرەی وەزیرە ناوخۆیەکانی هەرێمەکان ( **Beckstein** ) بێک شتاین دەڵێت کە ماوە نادەم ئەم کۆمەڵە خەڵکانە لە ئەڵمانیادا بمێننەوە لە بەهۆی ئەو هاوکاری کۆمەکیە کۆمەڵایەتیانەی ئەڵمانیا وە بێ کاربمێنێتەوە .

لەگەڵ ئەوەی حکومەتی فیدراڵی ئەڵمانیا بە ڕەسمی خۆشحاڵی خۆیی بە ڕێککەوتنانە نیشان دا و چونکە ئەم گرفتە ماوەی چەند ساڵێکە باس و خواستی زۆری لەسەرە و هەروەها وەزیری ناوخۆیی حکومەتی فیداڵ بە هەمان شێوە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە ئەم شێوە بڕیارانە زۆر گرفت بۆ دەوڵەت و بۆ ئەوانەی کە چەند ساڵە بەهیوای ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆوەبوون و ئێستا دڵخۆشن .

بەشێوەیەکی گشتی ئەم بڕیارانە زۆر لە کوردانەی کە لەساڵانی 1997 وە لەم وولاتەدان و هیچ مافێکی پەنابەریان نیەو لەزۆر گرفتی دەورنی ناخۆشدان بۆ بەم جۆرە زۆریان ئەوانەی مەرجەکانی ئەم بڕیارە دەیان گرێتەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕزگاریان دەبێت .